KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 19:14بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ماموستا عەلی باپیرو وەڵامە هاودژەکانی... هێمن تاڵەبانی

ئەگەر ڕۆژنامە ئەهلیەکان نەبوایە خەڵکی کوردستان بێئاگادابوو لەو هەموو فایلەی کە بەرپرسە حیزبیو ئاینی و حکومیو سەبازیو کەسایەتی و خەڵکانی دیکە هەیانبوو لە گەڵ ڕژێمی بەعسدا. بەشێوەیەك تووشی شۆکی کردین، لەکاتێکدا نەدەبو هیچ کوردێك بەتایبەتی لە دوای ئەنفال و کیمیایی بارانکردنی کوردستان هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی ژێراوژێرو نهێنی بدات، ئیتر پاساو هۆکارو بیانوی ئەو کەسە هەر چی بێت.



بەڵام لەوەش کارەسات بارتر ئەوەیە کە بڕوا بە هەمو ئەو قسانە بکەین کە بەشێك لەو فایلدارانە دەیکەن، یاخود هەوڵبدەین پەردەپۆشی بکەین.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت تیشکی بخەمە سەرو مەبەستی ئەم بابەتەیە بڵاوکردنەوەی کورتەی ئەو فایلە شەست لاپەڕەییەی ماموستا عەلی باپیرە لە ژمارە (58) ڕۆژنامەی ئاوێنەداو دواتر چاوپێکەوتنی ماموستا لە ژمارە (59) ی هەمان ڕۆژنامەدا. (سەرەڕای تێبینیەکی زۆرم لە سەر چۆنێتی چاوپێکەوتنەکەو سادەیی پرسیارەکان) . لە گەڵ ئەوەشدا

ئەو پرسیارانەی کە لە بارەی بون و نەبونی پەیوەندی ماموستا لەگەڵ ڕژێم و ڕاستیو ناڕاستی فایلە شەست لاپەڕەییەکەی لێی کراوەو، هەندێك لە وەڵامەکانی ماموستا بە جۆرێك سەرنجی ڕاکێشام نەمتوانی لەسەری ڕانەوەستم و هەڵوێستەیەکیان لەسەر نەکەم. هەرچەندە هەر وەڵامدانەوەیەکی ماموستا پێویستی بە ڕاڤەو قسەلەسەرکردنی زۆرتر هەیە. بەتایبەت ئەگەر کەسێك بەراودێك بکات لەنێوان ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە ساڵانی ڕابردودا لە ڕۆژنامە جیاوازەکاندا لە گەڵیدا ئەنجامدراوە.

ماموستا عەلی باپیر لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا کە لە ژمارە (59) ی ئاوێنەدا لێی کراوە دەڵێت"ئێمە ئیحتیاتی ئەوەمان کردوە کە خەیتێکی معاویەمان لە بەیندا هەبێت کە سبەی هاتنەوە (بەعسیەکان_ نوسەر) بە گورگان خواردو نەچین، خەڵك هەموو عیلاقەی هەیە با ئێمەش سەرەداوێکمان هەبێت.... ئەگەر سبەی ڕژێم هاتەوەو گۆڕانکارییەك هەبێت لە عێراقدا یەکسەر نەبینە ئامانجیان".

هەر کەسێك خاوەنی بیرو عەقڵ بێت بە خوێندنەوەی ئەم وەڵامەی ماموستا ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە ئەوەی لە یادگەو ئەندێشەو بیرو هۆشی ماموستادا بونی نەبوە بەرخودان و قوربانیدان بوە لە پێناوی پارێزگاریکردن و بەرگریکردن و پاراستنی کوردستان. بەڕێزت لە ژمارە (6) ی ڕۆژنامەی ئاوێنەدا ئەڵێیت (ڕاستە ئێمە پێشمەرگەو موجاهیدمان هەبووە، بەڵام ئێمە چەکمان هەڵنەگرتووە بۆ ئەوەی لە دژی میللەتەکەی خۆمان بە کاریبهێنین، بەڵکو دژی دوژمنی میللەتەکەمان بە کاریبهێنین مەگەر شەڕمان پێی فرۆشرابێت) . بەڵام ماموستای شۆڕشگێڕ لەکاتێکدا جەنابت بیرت لە دروستکردنی سەرەداو کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو بەعس هاتەوە کوردستان نەبنە ئامانجی بەعس و بەگورگان خواردو نەچن، حیزبەکەت خاوەنی هەزاران چەکدارو پێشمەرگەوموجاهید بوە، ئەگەر بۆ دژایەتیکردنی دوژمن و پاراستنیئاینەکەمان و کەرامەتی نەتەوەیمانت بوو، ئیتر بۆ لە گۆڕانکارییەکان و هاتنەوەی بەعسدا لەوە دەترسی ئەگەر سەرەداوێکتان لەگەڵ بەعسدا نەبێت، ئەوا دەبنە ئامانجی بەعس. دەپرسم ئایا ئاسایی و سروشتی نیە ئێوەی شۆڕشگێڕ لە هاتنەوەی بەعسدا بەگورگان خواردوو بچن؟ئایا بەرەنگاربوونەوەو شەڕ لەدژی بەعس بۆ پاراستنی کوردستان جیهاد نەبوو؟ ئایا مایەی شانازیو شەرەفێکی گەورەی ئاینیو نیشتمانی و ئەخلاقی نەبوو لە دژایەتیکردنی دڕندانەترین و وەحشیانەترین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕژێمدا ببیتە قوربانی؟ئایا بەعس دوژمنی میللەتەکەمان نەبوو؟هەروەها لە قسەکانی بەڕێزتدا وا دەردەکەوێت ئەگەر شەڕتان پێفرۆشرابێت ئەوا چەکتان دژی میللەتەکەتان بە کارهێناوە واتە بە ناچاری ئەمەتان کردووە، دەپرسم ئایا هاتنەوەی بەعس ناچارت ناکات چەکی لە دژ بە کاربهێنی؟ یاخود تێڕوانینی بەڕێزت بۆ ئاین و سیاسەت تێڕوانینێکی مەکیاڤیلانەیەو هیچی دیکە. هەروەها مامۆستا دەڵێت خەڵك هەموو عیلاقەی هەیە با ئێمەش سەرەداوێکمان هەبێت. ئایا مامۆستا ئەمە پاساوە تاوەکو شەرعیەت بدەیت بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بەعسدا؟ هەر کەسێك ئەم قسەیەی بکردایە نەدەبو کەسێك بیکات کە خۆی بە زانایەکی ئاینی و سەرکردەیەکی ئیسلامی و سیاسی بزانێت. چونکە هەرگیز لە ئاینی ئیسلامدا زاراوەی (هەموو خەڵك) نابێتە پاساوێك بۆ شەرعیەتدان بە کارێك کە بە ئاشکرابونی زیان بە خۆت و ئاینەکەت بگەیەنێت.

هەروەها بەڕێزت لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لە ژمارە (78) هاوڵاتیدا لە ساڵی (2002) لێتکراوە دەڵێیت"هەر کەسێکی موسوڵمان پێویستە کارێك بکات کە لە خزمەتی میللەت و وڵاتەکەیدا بێت، هەرچی شتێك کە پێچەوانەی بەرژەوەندی وڵات بێت حەرامەو قەدەغەیە و ، ئەبێت ئینسان خۆی لێبپارێزێت". ئایا مامۆستا ئەمەی تۆ کردوتە ئەگەر لە بەرژەوەندی میللەت و وڵاتە بۆ بە شێوەی نهێنی و شاراوە هەوڵی دروستکردنی سەرەداو وتوێژت داوە؟ ئایا ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو قسانەی سەرەوەت نیە؟ ئایا ئەگەر ڕژێم نەڕوخایەو ڕۆژنامەکان پەیوەندییەکانی بەڕێزت کە بە "وتووێژ" ناوتبردوە لەگەڵ بەعس بڵاونەکردایەتەوە ئەوا هەرگیز نە من و نەهیچ کەسێکی دیکە بۆ هەتا هەتایە بچوکترین زانیاریمان لە سەر ئەو وتووێژانەی بەڕێزت نەدەبوو، کی دەیزانی کەی و لەکویو چۆن بوە باسی چیکراوە؟ بۆ چی مەبەستێك بووە؟ داواو مەرجی ئێوەو ئەوان چی بوە؟ بەڕێزت لە کام کۆڕو کۆنفراس و کۆبونەوەو بەرنامەی تەلەفزیۆنی و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا باسی هەوڵەکانی خۆتان کردوە بۆ دروستکردنی سەرەداو وتوێژ لەگەڵ بەعسی تاغوت (بەدەربڕینێکی ئیسلامیانە) ؟ تاوەکو ڕای گشتی خەڵك و هەر هیچ نەبێت ئەندامانی حیزبەکەت بزانیت.

هەروەها بەڕێزت لەهەمان ژمارەی هاوڵاتیدا دەڵێیت"ئێمە لە سەر ئەساسی پابەندیمان بە شەرعەوە کە بە پێی شەریعەتی ئیسلامی، دەبی بەرژەوەندی ئەو خەڵك و میللەت ووڵاتەی کە هەیە بپارێزری"، مامۆستا کام شەریعەت و بەرژەوەندی میللەت وایخواست لە ڕێگەی سەرەداوێکەوە لەگەڵ بەعسدا بیپارێزی؟ مامۆستا هەر بەعس نەبو زیاتر لە سەدوهەشتا هەزار موسوڵمانی هاونیشتمان وهاوئاینتی زیندەبەچاڵکرد؟ دەیان و سەدان لە کچانمانی بە دەوڵەتان فرۆشت.

هەر بەعس نەبو (3500) مزگەوتی لە گەڵ زەویدا تەختکرد؟ سەدان هەزار قورئان و کتێبی ئاینی سوتاندو سروشتی دەستکردی خوای شێواندو هەر لەمانگی ڕەمەزانی پڕ لە میهرەبانەکەی ئیسلامدا بو کوردستانی کیمیایی بارانکرد.

دەپرسم چی دەسەڵاتێکی تر لە مێژوی کۆن ونوێی مرۆڤایەتیدا هێندەی بەعس بێڕێزی لە بەرامبەر خواو ئیسلام و نەتەوەیەکی موسوڵماندا کردوە.

تا هەنوکەش زۆرێك لە دەوڵەتانی جیهانی ئیسلامی ئامادەنین هیچ جۆرە پەیوەندیو وتووێژێك لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا بکەن بێ لە بەرچاوگرتنی هیچ بەرژەوەندییەکی ئابوری و سیاسی و سەربازی، یاخود ئەگەر ئەوەش بکەن هێندە بە شەرم و عەیب و تاوانی دەزانن ئامادەنین باس لەو پەیوەندی و سەرەداوانەبکەن کە لەگەڵ ئیسرائیل هەیانە.

ئەمە لە کاتێکدا ئیسرائیل نیو ئەوەندەی بەعسی دەرحەق بە هیچ نەتەوەیەکی موسوڵمان و ئاینی ئیسلام نەکردوە. بەڵام بەداخەوە بەڕێزت دەڵێیت"ئێمە وتوێژوکردن لەگەڵ خەڵك بە تاوان و عەیب

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نازانین بە حەقی خۆمانی دەزانین، بەڵی ئێمە وتوێژمان هەبوە (لە گەڵ بەعس_ نووسەر) ، بەڵام بە دەست پێشخەری ئەوان هەموو جارێك ئەو برادەرەش كە هاتووە (موشیر موستەفا_ نووسەر) جاری وا هەبوە پڕ بە دڵ پێم ناخۆش بوە، بەڵام كە هاتوە خۆی بە دڵسۆز داناوەو نەیشوتوە بەعسیم) . مرۆڤ توشی سەرسام بون دەبێت كە ئەم وەڵامە دەخوێنێتەوە، چونكە مامۆستا لە لایەك ئەو وتوێژو پەیوەندیانە بە عەیب نازانێت و دان بە بونی وتوێژدا دەنێت لەگەڵ بەعس و بە حەقی خۆیانی زانیوە ئایا لە ڕووی سیاسیو یاساییەوە تا چەند دروستەحیزبێكی دەرەوەی دەسەڵات مافی وتووێژ بە خۆی بدات لە گەڵ دەوڵەتێكی داگیركەرو دوژمن، ئەمە چۆن پێناسە دەكرێت ولە یەكدەدرێتەوە. ئایا ئەو وتووێژانە بۆ ڕوخاندنی بەعس و باسكردنی تاوانەكانی بەعس بوو؟ ئایا ئەو وتوێژانە بۆ تۆڵەكردنەوەی ئەنفال بو لە بەعس؟ یاخود باسكردنی ئەو شتانە بوو كە بەعس دەیویست؟ مامۆستا من نازانم پێوەری بەڕێزت چیە بۆ بە تاوانزانین و بە عەیبزانینی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی بەرامبەردا؟ ئایا بەڕێزت دەزانی بەم قسانەت پێش هەمو كەس ناخۆشترین و گەورەترین و سەختترین ئازاری دەرونی ئێمەی كەسوكار ئەنفال دەدەیت.

هەروەها مامۆستا دەڵێت ئەو كەسەی هاتوە بۆ لام پڕ بەدڵ پێمناخۆش بوە، ئەگەر وایە ئەو ڕێوشوێن و كاردانەوانە چی بون كە لە دژی ئەو برادەرە گرتە بەر تاوەكو ئیتر سەردانت نەكات و دڵت ناخۆش نەكات؟ هەروەها مامۆستا دەڵێت ئەو خۆی بە دڵسۆز داناوەو نە یوتوە بەعسیم. دڵنیام خودی مامۆستا خۆی بڕوای بەم قسەیە نیە ئیتر چۆن ئێمە دەتوانین بڕوا بەم قسەیە بكەین؟ دەپرسم مامۆستا ئەو كەسە خۆی بە دڵسۆزی چی و كی دانا؟ كی هەیە لەم كوردستانەدا نەزانێت كەسانێك بەو ئەركە هەڵسابێتن دڵسۆزی كێ بوون؟ دواتر ئەڵێیت نەیوت بەعسیم باشە مامۆستا بە قسەكانی ئەو كەسە بۆت دەرنەكەوت چیە. چۆن تۆی شۆڕشگێڕو ڕوناكبیر ئەوەندە سادەو ساویلكانە لەگەڵ ئەو برادەرە مامەڵەتكرد؟ هەروەها بەڕێزت دەڵێیت وێنەم لەگەڵ كەس نەگرتووە، دیارە مەبەستت ئەو كەسانەیە كە بۆ دروستكردنی سەرەداو سەردانتیان كردوە (مایەی ڕامان و پرسیارو هەڵوێستە لەسەركردنە تا ئێستاش مامۆستای شۆڕشگێڕ ئامادەنیە ناوی هەمو ئەو كەسە سیخوڕانە بدركێنێت كە بۆ مەبەستی دروستكردنی پەیوەندی لە گەڵ بەعس سەردانیان كردوە) . بەڵام لە ژمارە (41) ی ڕۆژنامەی هەواڵدا چەندین وێنەی جەنابت و كەسانی دیارو ناسراوی حیزبەكەت لەگەڵ موشیر موستەفادا بڵاوكرایەوە ئەگەر ئەو وێنانە دروستكراو درۆبون بۆ هیچ ڕێوشوێنێكی یاسایت نەگرتە بەر لە دژی ئەو ڕۆژنامەیە؟ ئەمە جگەلەوەی ڕۆژنامەی هاوڵاتی ناوتی وەكو "سەرچاوەیەكی نایابی" موخابەرات بڵاوكردەوەو ئەندامانی حیزبەكەت هەڕەشەی ئەوەیان دەكرد كە بەڕێزت دوای گەڕانەوە لە ئەوروپا ڕێوشوێنی یاسایی دەگریتەبەر. بەڵام ئەوە چەند مانگێك تێپەڕ دەبێت بە سەر ئەو مەسەلەیەدا و هیچمان نەبینی و نەبیست لەو ڕێوشوێنانە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.